دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک

بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ

حاجیلە

نیسان ٢٠١١

١٠

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هامـوون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی

لە چیای سپیانەوە لە باکوری کوردستان بەرەو باشووری کوردستان هاتووە بۆ بینینی ئاگرەکەی باوە گوڕ گوڕ ئێستە لای ئێمە لەنێو ڕووپەرەکانی ئەم گۆوارەماندا میوانە، تۆی ئازیز ئەگەر دۆزیتەوە ئەوا دیارییەکی تایبەت پێشکێش دەکەین.

بێچووی ئاژەڵان

کاتێ دڵم خۆشە و حەزم بە یارییە، کلک بادەدەم و دەوەڕم.

دەزانن من کێم؟ دایکی من دەڵەسەگە و خۆم تووتکە سەگم.

ئێمە زۆر چالاکین و حەزمان لە ڕاکەڕاکەیە و بە وەفاداری ناسراوین.

هەروەها پاسەوانی باشین بۆ خاوەنەکەمان و ماڵ و ماڵاتەکەی.

ئا: زەریف

ئۆرکیدی کەوشین

عەزیز قوشقایە

نیشتمانی ئەم گوڵە پارزەوینی ئاسیایە.
بۆ لێکردنەوەی گوڵەکانی دەروێنرێ.
دەکرێ لە نێو ئینجانەشدا برووێنرێ.

هێلانەی مەل

خونچە شەریف – شۆڕیجە

نیشتمانی ئەم ڕووەکە وڵاتانی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ئەفریقیایە.
لە وەرزی گەشەکردندا حەزی لە گەرمی و خاکی شێدارە. هەروەها لە سێبەر دەروێنرێ.
برێکی کەم پەیینی دەوێ و بە زستان ئاودانی کەمی دەوێ و پێویستە شوێنەکەی زۆر سارد نەبێ.

بیبەری ڕازاندنەوە

حەسەن شەریف-باپیلان

نیشتمانی ئەم ڕووەکە بەتەواوی نەزانراوە. بەڵام لە کۆنەوە هیندییەکانی ئەمەریکا (هیندییە سوورەکان) ئەم ڕووەکەیان چاندووە.
ئەو جۆرەی بە بەربڵاوی دەچێنرێ بە (فریزدۆرفەر) ناسراوە و ڕەنگی بەرەکەی زەرد و پرتەقاڵی و سوورە.
وەرزی گەشەکردنی ل سەرەتای پایزەوە دەست پێدەکات.

بەهار

پەرژین سەلام – چەمچەماڵ

دیسان وەرزی بەهارە
وەرزی گەشت و گوزارە
دەشت بەرگی سەوزی پۆشی
ژیان پڕ بوو لە خۆشی
بەفری شاخ توایەوە
دنیا وا بووژایەوە
گوڵاڵەسوورەی ڕەنگین
جوانیی بەخشیوە بە ژین
سەوزەگیای نەرم و جوان
باوەشی ڕاخست بۆمان
ئای لەم دیمەنە جوانە
گشتی کاری خوا گیانە

منداڵێکی جوانم

ئەسعەد لۆرزادە- چەمچەماڵ

چەند جوان خۆمم گۆڕیوە!!
بەرگی تازەم پۆشیوە
خەندەم لەڕوو دەباری
جوانی دەدەم بە شاری
نینۆکەکانی پەنجەم
حەز ناکەم درێژیانکەم
لەماڵەم، لە هەر کوێیە
دەسری خۆمم پێیە
هەمیشە هەر خاوێنم
ژینگەی شارم ناشێوێنم
هەتا بڵێی جوانم
بەرخۆڵەی کوردستانم

مەتەڵ

عوسمان دەروێش – کەرکووک

پێنج پیتە مەتەڵ دڵۆپە ئاوە
لەسەر پەڕەی گوڵ یا گیا وەستاوە
وەک فرمێسکی چاو ڕوون و گەش دیارە
زیاتر لە زستان یان لە بەهارە
پیتی یەک و دوو لەگەڵ پیتی سێ
کە ڕۆژ ئاوا بوو ئینجا ئەو دادێ
پیتی یەک و دوو و پێنجی بۆ دانە
خۆشەویستەکەی وەلی دێوانە
پیتی پێنج و چوار بنووسیتەوە
تۆی وا مەتەڵمان دەخوێنیتەوە

فەرهەنگی حاجیلە

بێلان – کەرکووک

بالانس balance

هاوسەنگی، کاتێک شتێک بالانس دەکەی واتا هاوسەنگی دەکەی وەک دوو تای تەرازوو کە هەردووکیان بەرامبەر وەستان ئەوە بالانس وەستاون.

بۆڵ ball

تۆپ، تۆپ ئەو شتە خڕەیە کە قەبارەی جۆراوجۆری هەیە و لە چەندین یاریدا بەکار دێ وەک تۆپی پێ و تێنس.

بالوون balloon

دەبدەبە، شیشڵدان، میزڵدان، شتێکی بچووکی لاستیکە کە فووت تێی کرد گەورە دەبێ و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێ.

بەنانە banana

مۆز، میوەیەکی شیرینی درێژکۆڵەیە، توێکڵێکی زەردی ئەستووری هەیە.

باند band

تیپی موزیک، بریتییە لە چەند کەسێک بە یەکەوە ئامێری جۆراوجۆری موزیک دەژەنن و ئاوازی خۆش لێ دەدەن.

بەند، بەو شریتەش دەگوترێ کە ناوقەدی شتێکی پێ دەبەسترێ وەک دەسکە گوڵ.

بانک bank

بانک، ئەو شوێنەیە کە پارێزگاری لە پارە و کەلوپەلی گرانبایی خەڵک دەکا. بۆیە خەڵک پارە و زێڕ و ئەو شتانە لەوێ دادەنێن و کە پێویستیان پێیان بوو دەیانبەنەوە.

بە کەناریش دەگوترێ بانک، ئەویش ئەو زەوییەیە لە تەنیشت لێواری ڕووبار و زێ و دەریاچەکانە.

ناوی کچانەی نوێ

بەناز عومەر–هەولێر

ڤین: ڤیان

ئالیا: گوڵ خونچە

تانان : گوندێکی کوردستانە

چۆڤان: بەڵێن

دیدەڤان: پاسەوان

ڕۆزیا: ناوی گوڵێکە

ژیا: ناوی گوڵە

کەڤال: تابلۆ

گریشی: ناوی شاخە

لۆهان: شایی

لیندە: قەشەنگ

نڤار: ئەفراندن

هێلیان: هێلانە

شاتوو: تووی مەزن

خەیار: ئاروو

ڕەنگ

سەربەست جەلال – کۆیە

ئەم ڕەنگانەی لای خوارەوە بکەی بەسەر یەکدا ، یان لێکیان دەرکە ، چ ڕەنگێکمان دەست دەکەوێ !

١- ڕەش + زەرد=

٢- نارنجی – سوور=

٣- سوور +سپی=

٤- زەرد+سوور=

٥- مۆر–شین=

٦- سپی+ڕەش=

٧- سەوز+سوور=

٨- شین+سوور=

٩- پرتەقاڵی+شین=

١٠- زەرد+شین=

١١- شین + زەرد+سوور=

پیرەمێرد

ئاشتی عەبدوڵڵا – پردێ



شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد، ناوی تەواوی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغای هەمزە ئاغای مەسرەفە، ساڵی ١٨٦٧ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە.

پیرەمێرد لە تەمەنی ٧ ساڵیدا دەچێتە حوجرە بۆ خوێندن و لەوێ فێری نووسین و خوێندن و خوێندنەوەی قورئان و زمانی عارەبی دەبێ. لە کۆلیجی (ماف) وەردەگیرێ و تەواوی دەکا و تا ساڵی ١٩٠٨ کاری پارێزەری دەکا.

ڕۆژنامەی (ژیان) ساڵی ١٩٢٦ دەرچوو، پیرەمێرد بووە سەرپەرشتیاری و ساڵی ١٩٣٢ دوای مردنی حوسێن نازم، پیرەمێرد بووە بەرپرس و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٧ ڕۆژنامەی (ژین)ی دەرکرد کە تا ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠ بەردەوام بوو و ١٠١٥ ژمارەی لێ دەرچوو.

پیرەمێرد تا ساڵی ١٩٣٢ بەناوی (حاجی تۆفیق بەگ) نووسین و شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە، بەڵام لەو مێژووەوە ئیتر نازناوی (پیرەمێرد)ی بۆ خۆی هەڵبژارد.

پیرەمێرد دوو ژنی هێناوە و سێ کچ و دوو کوڕی بوو. لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ سەعات ٤ی دوای نیوەڕۆ پیرەمێرد لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و، بە پێی وەسیەتی خۆی لە گردی مامەیارەی سلێمانی بە خاک سپێردرا.

گابرییێل گارسیا مارکیز



دانا سەرباز – کەرکووک

ناوی تەواوی گابرییێل خۆزێ گارسیا مارکیزە و لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٢٧ لەدایک بووە، ئێستا تەمەنی ٨٤ ساڵە، ئەم ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوانە خەڵکی کۆلۆمبیایە و، دوو منداڵی هەن بەناوەکانی ڕۆدریک و گۆنزالیس.

مارکیز لە ساڵی ١٩٦٧ـەوە دەستی داوەتە نووسین.

گرینگترین کارە ئەدەبییەکانی مارکیز بریتییە لە ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) کە زیاتر لە ١٠ ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا و (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا) و (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا) کە کراوەتە کارێکی شانۆیی و دەرهێنەری ناوداری کۆلۆمبیا خۆرخی تریانا کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

ئەم ڕۆماننووسە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی نۆبڵی لە بواری ئەدەب وەرگرت هەروەها خەڵاتی فێردیزی بۆ شیعر وەرگرتووە.

مارکیز لە کتێبێکدا کە ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوی کردووە بە ناوی (ژیام تا بیگێڕمەوە) ژینامەی خۆی تا ساڵی ١٩٥٥ گێڕاوەتەوە.

مەیموون و کیسەڵ

لەیلا میرزا غولام – کەرکووک





(زانا) شای مەیموونەکان بوو پێش ئەوەی مەیموونێکی گەنج دەری بکا. بۆیە چوو لە کەناری ڕووبارێک لەسەر دارێکی بەرز نیشتەجێ بوو. ڕۆژێک هەنجیرێکی لە دەست کەوتە ئاوەکەوە، دەنگەکەی پێ خۆش بوو و کەوتە فرێدانی هەنجیر بۆ ناو ئاوەکە.



لەو کاتەدا کیسەڵێک لە ناو ئاوەکە بوو و هەنجیرەکانی دەخوارد. بەلاّم کە کارەکە بەردەوام بوو، کیسەڵ وای زانی مەیموونەکە بۆ ئەو هەنجیر تێ دەگرێ بۆیە بریاری دا ببێتە هاوڕێی گیانی بەگیانیی.





کیسەڵ بە مەیموونەوە خافڵ بوو و، ژنەکەی وای زانی ڕاوچییەک کوشتوویەتی. بەڵام کیسەڵێکی دراوسێیان پێی گوت: «نا ئەو بووەتە برادەری مەیموونەکە و ئەگەر هاتەوە خۆت نەخۆش بخە و، پێی بڵێ دکتۆر گوتوویەتی دەبێ دڵی مەیموونێک بخۆی بۆ ئەوەی چاک ببیتەوە».





ئەوەندەی نەبرد کیسەڵ گەڕایەوە، تەماشای کرد ژنەکەی زۆر کز و ماتە.
بۆیە لێی پرسی: «چیتە ئازیزم؟»، بەلاّم هاوسێکەیان وەلاّمی دایەوە: «ئەوە نەخۆشە و دەبێ دڵی مەیموونێک بخوا بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە».

کیسەڵ سەری سوڕ ما و گوتی: «باشە دڵی مەیموون لە کوێ بێنین؟».
ئیتر کەوتە بیرکردنەوە: «ئایا شیاوە ناپاکی لەگەڵ مەیموونی هاوڕێم بکەم؟»، هەر خۆی وەلاّمی خۆی دایەوە: «نەخێر مەحاڵە».





بەڵام زیاتر بیری کــردەوە و گوتی:
«ئــەی چــۆن ڕێ بــدەم ژنەکەم کە
هاوبەشی ژینمە بمرێ؟».
ژنەکــە بانگــی کــرد:
«خۆشەویســتەکەم بیر
لــە چی دەکەیتــەوە؟»،
وەڵامــی دایــەوە:
«هیچ هیچ».





ژنەکەی جێ هێشــت
و بــۆ لای مەیموونی
هاوڕێی چوو.
مەیموون لێی پرسی:
«لــە کــوێ بــووی
هاوڕێکــەم؟»، وتــی:
«بیرم لەوە دەکردەوە
چۆن پاداشتت بدەمەوە
و دەمویســت داوەتــت
بکەم». مەیموون گوتی: «ئێمە هاوڕێین
و پێوســت ناکا داوەتم بکەی بــۆ ئەوەی چاکەم
بدەیتەوە».

کیســەڵ وەڵامــی دایــەوە: «بەڵام ئەگــەر نانێ
بەیەکەوە بخۆین خۆشەویستیمان زیاتر دەبێ».
مەیموون قایل بوو. لە ڕێ مەیموون هەستی کرد
کیسەڵ خەمبارە و کە لێی پرسی زانیی ژنەکەی
نەخۆشە. بۆیە مەیموون پرسیی: «ئەی دەرمانی
چییە؟».



کیسەڵ گوتی: «شــەرم دەکەم بیلێم، بەڵام پزیشک
دلی مەیموونی بۆ نووسیوە».
مەیموون زانیی کە کیســەڵ نیــازی ناپاکیی هەیە،
بۆیــە بیری لــە فێڵێک کــردەوە و، گوتی: «ئەی بۆ
پێشتر پێمت نەگوت؟ مەگەر تۆ نازانی مەیموون کە
سەفەر دەکا دڵی لە ماڵەوە جێ دێڵێ؟».
کیســەڵ پرســیی: «ئەی ئێســتا کوا دڵت؟»، گوتی:
«لەسەر دارەکەیە».

کیسەڵ گوتی: «با بگەڕێینەوە».
هەردووکیــان گەڕانــەوە و کــە
گەیشــتنە کەنار ئاوەکــە مەیموون
بــازی دا و چووە ســەر دارەکە و
دانەبــەزی، کیســەڵیش بانگی کرد:
«دەی دڵت بێنە و وەرە».
مەیموونیــش لــە وەڵامــدا گوتی:
«ترحێــو، تۆم هەڵخەڵەتــان و ئێمە
چیی تر هــاوڕێ نیپــن، چونکە تۆ
ویستت ناپاکیم لەگەڵدا بکەی».

زانیارییەکانت لەسەر ژینگە زیاتر بکە

شنە ئارام

هــەر کاتێک زیندەوەران، ئاژەڵ یان ڕووەک، بمرن و لە کاتی دەردانی پاشــەڕۆیان، ئەو بــڕە نایترۆجینەی لە مادەی ئۆرگانیی ئەو ڕووەک و ئاژەڵانەدا هەیە دووبارە دەگەڕێتەوە ناو خاک.
لە ناو خاکدا زیندەوەری فرە بچووک هەن پێیان دەگوترێ شیکەرەوەی ئۆرگانی، کە ئەو مادانە شی دەکەنەوە و دەیکەنە خۆراک بۆ سیستمی ژینگەییمان لە شێوەی (ئامۆنیا) کە ڕووەک بۆ دروستکردنی پرۆتینی ڕووەکی بەکاری دێنێ. ئەو پرۆتینەش زۆر بەسوودە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ.
ئــەو ڕووەکانەی توانای ســوودوەرگرتنیان لە ئامۆنیا هەیە، بەشــێکن لە جیهانی ڕووەک، بەڵام زۆربەی ئــەو ئامۆنیایەی ڕووەک هەڵیدەمژێ بەهۆی بەکتریایەکی تایبەتەوە دەکرێنە مادەی نایترات و گازی نایترۆجینەکە وەک دەرهاویشــتەیەکی لاوەکی لەو کارە بەرهەم دێت و دەگەڕێتەوە ژینگە.

بنێشت جاوین سوودی تەندروستیی هەیە

کوردە تۆفیق – دووبز

لە زۆر شوێن جاوینی بنێشت بە شتێکی خراپ و ناشیرین لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام تۆژینەوە زانستییە تازەکان ئاشکرایان کردووە کە جاوینی جاجک سوودی بۆ دڵ و مێشک و جەستە هەیە و توانای فێربوون زیاد دەکات و توورەیی و سەرئێشە کەم دەکاتەوە.
ئەو تۆژینەوەیەی کۆواری (ژیانی تەندروست) لە تەمووزی ٢٠٠٩ بڵاوی کردووەتەوە ئاشکرای کردووە کە بنێشت جاوین هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی توورەیی. هەروەها جووڵەی بەردەوامی شەویلاگە و گوپەکان لە کاتی جاوینیدا هاوکارە بۆ کەمکردنەوەی سەرئێشە. جگە لەمەش لێدانی دڵ خێراتر دەکات، بەمەش ئۆکسجینی زیاتر بۆ مێشک دەچێ و پرۆسەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن باشتر دەکات.

شامپۆ چییە؟

ڕێژنە یوسف – تەپەی مەلا عەبدوڵڵا

شامپۆ وشەیەکی هیندییە، بەو شتە دەگوترێ کە لە نێوان هەردوو دەستدا هەڵدەگلۆفرێ. لە بەراییدا لە تواندنەوەی جۆرەکانی سابوون دروست دەکرا، پاشان کیمیاگەران لە تاقیگە و کارگە گەورەکاندا لە مادە پاککەرەوەکان شامپۆیان بەرهەم هێنا.
زانایان بەم شێوەیە پێناسەی شامپۆ دەکەن: ئەو پێکهاتە کیمیاییەیە کە لەو مادە پاککەرەوەیە دروست دەکرێن کە کەف دەکات و قژ خاوێن و خاو دەکاتەوە و وای لێ دەکا ببریقێتەوە و بە ئاسانی شانە بکرێ.
شامپۆ بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٨٧ لە ئینگلتەرە بەکارهێنرا، ئەو کات تەنیا سەرتاشەکان بە تواندنەوەی سابوون لە ئاوی سۆدا دروستیان دەکرد.
لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بەکارهێنراوە و ئێستا هەزاران کارگە لە وڵاتانی جیهاندا دامەزراوە و جۆر و ڕەنگ و بۆنی جۆرەوجۆری تێدا بەرهەم دەهێنرێ، هەندێکیشیان لە ڕووەکی سرووشتیدا دێنە بەرهەم.

باینجان

جووتیار عەلی
هەفتەغار

باینجان ڕووەکێکی گیاییە تەمەنی یەک وەرزە و لە سەرەتای وەرزی بەهاردا، لە خاکێکی لمین دەروێنرێ و پێویستی بە پەین هەیە لەگەڵ ئاودانی زۆر، دوای ئەوەی بەژنی نزیکەی ٤٠ سانتیمەتر بەرز دەبێ دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر و دووبارە دەچێنرێتەوە و دەبێ ماوەی نێوان دوو شتڵ یەک مەتر بێ.
دوای ئەوە هەفتەی سێ جاران ئاو دەدرێ.
باینجان سەوزەیەکی وەرزییە، ڕەنگی بەرەکەی مۆرێکی تۆخ یان ڕەشە، جۆرێکیشی هەیە سپییە، شێوەی بەرەکەی هێلکەیی درێژکۆلەیە.
بەری باینجان مادەی چەوری و کاربۆهایدرات و ریشاڵ و شەکر و پرۆتینی تێدایە، توێکڵەکەشی ڤیتامینی بی و سی و کالسیۆم و ئاسن و فسفۆری تێدایە. باینجان بەکوڵاوی و برژاوی و سوورەوەکراویش دەخورێ.

لاقم مێرووله دەکا

شلێر محێدین – قەڵادزێ

هەندێک جار بەتایبەتی لە کاتی دانیشتن لاقمان بۆ ماوەیەک دەخەینە ژێر خۆمان هەست بە سڕییەک دەکەین و دواتر کە بۆی جووڵاین تووشی جۆرە حاڵەتێک دەبین دەڵێی دەرزی ئاژەن دەکرێن بۆیە ئەو کەسە دەڵێت لاقم مێرووله دەکات. لای هەمووان ئاشکرایە خوێن بەئازادی بەنێو دەمارەکانی جەستەماندا ڕێدەکات و دەبێتە ڕامالینی ئەو هەموو پاشەڕۆ ژەهراوییانەی لەنێو خانەکانی دەمارەکاندا کۆ دەبنەوە. بەڵام ئەگەر بەربەستێک بووە هۆی پەنگ خواردنەوەی خوێنەکە ئەوا ئەو پاشماوانە کۆدەبنەوە و خامەکانی دەمارەکان لەکاری خۆیان دەکەون کە گوێزرانەوەی نامەکانە لە لاقەوە بۆ مێشک. جا کاتێ لاقمان ڕادەکێشین جارێکی تر خوێن بە دەمارماندا تێدەپەڕێت و ئەو مێرووله کردنە ڕوودەدات.

مێژووی ئاڵا

چیمەن نەسرەدین
کەلار

زۆر لە مێژەوە ئاڵا هەبووە و لە جەنگەکاندا بڵیند کراوەتەوە، بەڵام وەکو ئەوەی هەموو وڵاتێک ئاڵایەکی هەبێت بیرۆکەیەکی نوێیە و یەکەمین ئاڵاش کە لە پەرۆ دروست کرا لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە بوو. بەڵام کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاڵای تایبەت بەخۆی دروست کرد زۆربەی وڵاتانی جیهان چاویان لە ئەوان کرد، بەریتانیاش لە ١٨٠١/١٢/١ ئاڵای خۆی ڕاگەیاند، فەرەنساش دوای شۆڕش ئاڵایەکی سێ ڕەنگی بۆ نوێنەرایەتی فەرەنسای پێ بکات دروست کرد. بەڵام ئاڵایەک لە ڕەنگەکانی سەوز و سپی و سوور بۆ یەکەمین جار لە ١٨٠٥ لەلایەن ئیتالییەکانەوە بەرز کرایەوە، ئەم ئاڵایەی ئێستای کوردستانیش بۆ یەکەمین جار لە مەهاباد لە کۆماری کوردستان بەرز کرایەوە.

نیشانەی هەڵە یان ڕاست لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

سەربەست کاکەوڵا–سۆران

- قیر لە نەوت پێکدێت ◯
- زوهرە گەورەترین هەسارەیە ◯
- ئۆرۆگوای بچووکترین کۆماری ئەمەریکای باکوورە ◯
- چیای جەنگەڵ لە باکووری کوردستانە ◯
- گورچیلە لە ڕۆژێکدا ٣٦ جار خوێن پاڵفتە دەکات ◯
- زەیت لە کونجی دەردەهێندرێت ◯
- ئەدیسۆن دووربینی داهێنا ◯
- کاری سەرەکیی سپڵ دروستکردنی خڕۆکە سپییەکانە ◯

کۆشکی سپی White House

ئاسۆ ئیسماعیل – پردێ



بینایەکی پڕ بایەخە و مەڵبەندی فەرمی و نیشتەجێی سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە لە واشنتۆنی پایەتەختدا، ئەم کۆشکە لە چوار نهۆم پێکهاتووە، درێژی ٥٢ مەتر و پانیی ٢٦ مەترە، لەلایەن سەرۆک جۆرج واشنتۆنەوە ساڵی ١٧٩٢ دەست بە دروستکردنی کراوە و ساڵی ١٨٠٠ تەواو بووە، یەکەم سەرۆک کۆماری ئەمەریکا کە تێیدا نیشتەجێ بووە و دەسەڵاتی تێدا گرتووەتە دەست، جۆن ئادامس بووە، هەروەها ئەم کۆشکە ئەو شوێنەیە کە سیاسەتی ویلایەتە ئەمەریکاییەکانی تێدا دیاری دەکرێت، بۆیەش بە کۆشکی سپی نێو دەبرێت چونکە ساڵی ١٨١٤ لەلایەن سەربازەکانی ئینگلیزەوە سووتێنراوە. دوای ئەوەی نۆژەن کرایەوە بە ڕەنگی سپی بۆیە کرا، ئیتر لەو کاتەوە بە کۆشکی سپی ناوی دەرکرد.

ئەم خزمانە چی بەیەکدی دەڵێن

سارا محەمەد-سەنگەسەر

- باوکت بە ژنی مامت دەڵێ: براژنمە
- دایکی باوکت بە دایکت دەڵێ:
- باوکت بە دایکت دەڵێ:
- باوکت بە خاڵت دەڵێ:
- دایکت بە باپیرت دەڵێ
- دایکت بە خوشکی باوکت دەڵێ:
- دایکی دایکت بە باوکت دەڵێ:
- دایکی دایکت بە دایکت دەڵێ:
- خاڵت بە دایکی دایکت دەڵێ:
- باوکت بە خوشکی دایکت دەڵێ:



جوان سەرنجی ئەم وێنەیە بدەو ئازابە بابەتێکی لە بارەوە بنووسە !
ئەگەر نووسیت ئەوە بۆمانی بنێرە ، تا گەر شییا ، ئەوا ئێمەش لەگەڵ وێنەکەی خۆتدا بۆتی بڵاوبکەینەوە .

حاجیلە

پشیلە چۆن لە تاریکیدا دەبینێ؟

پەخشان حەمە ڕەشید سەنگەسەر

پشیلە سەر بە خێزانی شێر و پڵنگە، چوار دانی زۆر تیژی لە پێشەوەی دەمیدا هەن بۆ قەپگرتن و بڕینی گۆشت. کۆمەڵێ چرنووکی چەماوەی پێوەیە چوون دەرزین. پێیەکانی تووکاوین، یەکێک لەو شتانەی یارمەتیی پشیلە دەدات ڕاوچییەکی چاک بێت، چاوەکانێتی. چونکە چاوەکانی دەتوانن لە تاریکی شەویشدا ببینن. بۆیە زۆربەی ڕاوەکانی لە شەودا دەبێت، لە ڕۆژدا گلێنەی چاوەکانی زۆر بچووک دەبنەوە و لە شەودا دەکرێنەوە و ڕێگە دەدەن بچووکترین تیشک لێیانەوە بچێتە ژوورەوە. باگراوندی چاویشی بە مادەیەک لە شێوەی زیوی زاخاودار سواخ دراوە، کەمترین تیشک کە دەدات لە چاوی پێچەوانەی دەداتەوە لەبەر ئەوە ئەگەر لایتێکی دەستی بەشەو بگرینە پشیلە دەبینین وەکو چرا دەسووتێن.

من چیم؟

بەرزی جەلال – ئاغجەلەر

بەهار و هاوین دێمە کوردستان، ملێکی درێژی ١١٠سانتیمەترم هەیە کێشم لەنێوان ٢,٥ بۆ ٤,٥ کیلۆدایە، بۆق و گیانلەبەری چکۆلە و مار دەخۆم، دەنووکم سوور و درێژە و لەسەر دارتەل و شوێنە بڵندەکان هێلانە دەکەم و هێلکە دەکەمە لە ماوەی ٣٢ ڕۆژ لە نیوەی بەهار تا سەرەتای هاوین هەڵیدێنم.

دەزانی من چیم؟

بۆچی دەپژمین

دارا محێدین - کفری

پژمین زۆرجار ئەو تەنە نامۆیانە دروست دەکەن کە دەچنە نێو کەپوومانەوە، یا لە ئەنجامی سەرما یاخود حەساسیەش دەشێت ئەو وروژانە دروست بکات. ئەوەش بە وروژاندنی لایەکانی پەردەی چڵمی لووت. پژمین هەوڵێکی جەستەیە بۆ دەرکردنی تەنە وروژێنەرەکان و ڕزگاربوون لێیان.

هەروەها هەندێک جار دەماری چاو بەهۆی تیشکی زۆر تیژەوە پژمین چێ دەکات. لە کاتی پژمیندا هەموو جەستە تووشی موچرکە دەبێ. چونکە ئەو هەوایە بەخێرایی ١٦٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەردەچێت هەربۆیە سەرجەمی جەستە سەرجەمی جەستە دەلەرزێتەوەو چاویش بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دادەخرێت و دوای پژمین لاشە دەبوژێتەوە.

ئاسک

و: ڕێژین کەرکووکی_ ڕەحیماوا

ئاسک ئاژەڵێکی شیردەری سمدارە، بەرزییەکەی لە ٦٠ سانتیمەترەوە بۆ ٩٠ سانتیمەتر دەبێت. کێشیشی لە نێوان ١٨ بۆ ٢٥ کیلۆدایە. گیاندارێکی گورج و خێرایە، دەتوانێت تا بەرزایی دوو مەتر باز بدات. مێیەکانیان لە نێرەکانیان بچووکترن. نێر و مێیان شاخیان هەن، بەڵام هی مێیەکان بچووکترن. چاویان زۆر تیژە، هەستی بیستن و بۆن کردنیشیان بەهێزە. گیاندارێکی کۆمەڵایەتین و بەمێگەل دەژین.

ئاسـک ئاژەڵێکی ڕووەک خۆرە و گیا و گەڵا و لقـی دارەکان دەخوات، بەخێرایی ڕادەکات، و بـە یەکێـک لە ناسـکترین و جوانترینی ئەو ئاژەڵانـە دادەنرێت، کە لە دارستان و دەشت و دەر و باخچەکاندا دەژین.

ورچ

نازەنین حوسێن-کەرکووک

ورچ ئاژەڵێکی شیردەرە، قەبارەی گەورەیە و کلکی زۆر کورتە، مێینەی ورچ یەک جار لە سـاڵێکدا، یەک بۆ چوار بێچوو دێنێ، زۆربەیـان لە باکور دەژین، بەتایبەت باکوری ئەمەریکا و ئاسـیا، ڕەنگی ورچ لەنێوان قاوەیی و ڕەشە، هەروەها جۆرێکی تری ورچ هەیە پێی دەڵێن (ورچی جەمسەر) ئەم جۆرە ورچە ڕەنگی سپییە، بەڵام پێستیان ڕەشە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری گەرمی لە جەسـتەیدا بپارێزێ، قورسـایی ورچـی نێرینە لە نێوان (٣٥٠ – ٦٥٠) کیلۆغرام دەبێت.

کەر

پشتیوان محەمەد - قشلاخ

شـوێنی ژیانی ئەم ئاژەڵە شـیردەرە دارسـتان و کێڵگە و گوندەکانە . خواردنی سـەرەکیی گیا و گوڵـە. درێژیی ١,٩تا ٢,٤ مەترە. مـرۆڤ لە کۆنەوە کەری بۆ سـواربوون و بار هەڵگرتن و عارەبانە ڕاکێشـان بەکار هێناوە. میسـرییەکان بەر لە هەزاران سـاڵ ماڵییان کـردووە. چینیش لە هەموو وڵاتـەکان پتر کەر بەکار دەهێنێـت. کەری کێـوی بەزۆری لـە دارسـتانەکانی ئەفریقـادا زۆرن و بەبر پێکەوە دەژین. ماکەر بەسـاڵێک زگ دەکات و بۆ ماوەی شەش مانگیش شیر بەجاشکەکەی دەدات.

کۆمپیوتەر

ماردین - سلێمانی

ئـای پاد
I PAD



تازەترین جۆری ئامێـری کۆمپیوتەرە کە کۆمپانیای(ئەپڵی) ئەمریکایی لە بازاڕدا نمایشـی کردووە ، تازەترین جۆری بە ناوی (ئای پاد ٤) بەم زووانـە ڕەوانەی بازارەکانی جیهان دەکرێـت ، ئای پاد کۆمپیوتەرەێکی ئێجگار پێشـکەتووە و لە ڕێگای (پەنجە لێخشان) کاردەکات و چەندین بەرنامە و پارچەی پێشکەوتوو لە خۆدەگرێت وەکو بلوتوس و وایەرلێس

هەڵۆی ماسیگرە

تانیا وەلی - چەمچەماڵ

درێژییەکـەی (٥٠) سـانتیمێترە، نێرە و مێیەی یـەک ڕەنگن، دوای هەڵـۆی پەنجە کورت تەنیا هەڵۆیەکە پشتی بۆرە و بەرزگی سپییە و خەتی سینگی ئاماڵ بۆرە، سـەری سپی و کاکۆڵدارە، خەتی چاوی ڕەشـە و بەرەو پاش ملی کشاوە، باڵی باریک و درێژە، ژێر باڵی سـپییە و خەتی ڕێ ڕێی قاوەیییە. کلکی ڕێ ڕێیە، لەسەر ئاو بە ئارامی لەنگەر دەگرێ و بۆ گرتنی ماسـی لوور دەبێتە ناو ئاو و لاقی پێش هەموو جێیەکی دەگاتە ئاو، بۆ وچان لەسەر دار یان ڕەوەزی کەنار ئاو هەڵدەنیشێ، هەمیشە نزیک گوڵ و چەمی گەورە یان دەریا دەژێ، لەسـەر دار، لەسـەر ڕەوەز و دورگـەی دوورەدەسـت و تەنانەت لەسـەر عەرزی خێزەڵان هێلانە ساز دەکا.

پێشینان و کەشوهەوا

ئالاّ نەوزاد – ئازادی

ئەگەرچـی جوتیـاران و ڕێبوارانـی پێشـینانمان نەخوێنـدەوار بوونە و هیچیان لەبارەی سـەرەتاکانی کەشـوهەوا نەزانیوە، بـەڵام بە ئەزموونـی خۆیان و پێشـینانیان وەرزی تۆکـردن و نەمام ناشـتن و زۆر شـتی تری گرینگیـان بـە وردی دیاری کـردووە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواشیان خوێندووەتەوە.

بۆ نموونـە دەرکەوتنی پەلکەزێڕینـەی بەیانیان بە نیشـانەی تەواوبوونـی باران دانـاوە و گوتوویانە بە دڵنیاییەوە بڕۆنە سەر کار و کێڵگەکانی خۆتان.

بەڵام دەرکەوتنی پەلکەزێڕینـەی ئێواران مانای باران و تێکچوونی کەشـوهەوا بووە لایـان و دەیانگوت لە ماڵەکانتان بسرەون و دەرمەچوون.

دەرکەوتنی خەرمانەی دەوری مانگ بە شـەوان مانای نێزیک بوونەوەی تێکچوونی کەشوهەوا و ساردبوونی هەوا بووە لایان.

سوورهەڵگەڕانی ئاسـۆ لە کاتی ڕۆژئاوابووندا مانای ئەوە بووە کە ڕۆژی داهاتوو خۆرەتاوێکی بە تین دەبێ.

ئێستاش هەموو ئەو پێشبینییانەی پێشینانمان بە بەڵگە سەلمێنراون و لە زانستی کەشوهەوادا ئەو دیاردانە بە هەند وەردەگیرێن.

هێلکە

نەسرین - ئازادی

منداڵێک مریشکێکی کڕیبوو، هەموو ڕۆژێک سێ جاران ئاوی گەرمی پێ دەدا، کە پرسیاریان لێکرد بۆچی ئاوی گەرمی دەدەیتێ لە وەڵامدا گوتی: بۆ ئەوەی هێلکەی کوڵاوم بۆ بکات.

پێبکەنە تا جوانتر بیت

نیشتمان عەلی-دوکان

قوتابی

لە پۆلێکدا مامۆستایەک دوو قوتابیی هاری دەبێت پێیان دەڵێت: ئەگەر بێت و لەمەودوا هارەبانی بکەن، یەکێکتان فڕێ دەدەمە دیجلە و ئەویترتان بۆ فورات، یەکێک لە قوتابییە هارەکان هاواردەکات، لە شەتولعەرەب یەکدەگرینەوە.

خ

بە کابرایەک دەڵێن سێ ناو بڵێ بە (خ) دەست پێ بکات ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: (خەسرەو، خۆم، خوا عافوی کات باوکم)

بخەنە

هیوا شاکر – خورماتوو

دانساز

پیاوێک دەچێتە لای دانسازێک بۆ ددان کێشان، دانسازەکە ددانەکەی بۆ دەکێشێت ئەویش دەست دەبا دە دینارییەکی دەداتێ. دانسازەکە وردەی پێ نابێت، سەیرێکی پیاوەکە دەکات و دەڵێ چی دەڵێیت ددانێکی ترت بۆ بکێشم؟

منداڵ

منداڵێکی شەش ساڵان لەگەڵ باوکیدا دەچن بۆ بازار، نزیکی بازار دەبنەوە. کوڕەکە بە باوکی دەڵێت باوکە من کوڕی کێم؟ باوکەش لە وەڵامدا دەڵێت بێگومان کوڕی منی، بەڵام بۆ؟ کوڕەکەش دەڵێت: باوکە ئەی بۆچی هەموو جارێک دایکم پێم دەڵێت کوڕی سەگ؟!.

حەز بە وێنەکێشان دەکەم بە ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ

دیمانە: شاگوڵ سابیر-کەرکووک

پرسیار: دەکرێ خوت بە هاوڕێیانی حاجیلە بناسێنیت؟
وەڵام: ناوم دینا بەکرە، تەمەنم ٩ ساڵانە و دانیشتووی گەرەکی ئیسکانم.
پرسیار: پۆلی چەندی و لە چ قوتابخانەیەکدا دەخوێنی؟
وەڵام: پۆلی سێیەمم و لە قوتابخانەی چوارباخی سەرەتایی کچانم.
پرسیار: ئارەزووت چییە؟
وەڵام: حەز لە وێنەکێشان دەکەم بە ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ، لە تابلۆکانیشمدا زیاتر ڕەنگی سوور و سەوز و پرتەقاڵی بەکاردێنم. دایک و خوشکەکەم هاوکاریم دەکەن لە وێنەکاندا و ڕێنماییم دەکەن.
پرسیار: جگە لە وانەکانی قوتابخانە لە کاتی پشوودا چی دەکەیت؟
وەڵام: لە پشووەکاندا هەر خەریکی وێنەکێشان دەبم، ئەگەریش لە وێنەکێشان ماندوو بووم، هاوکاریی دایکم دەکەم لە ڕازاندنەوەی خوان و شووشتنی قاپەکان، هەندێ جاریش یارمەتیی باوکم دەدەم تا جلەکانی لەبەر بکات، چونکە لە ڕووداوێکی ئوتومبێلدا باوکم دەستی شکاوە و پێویستی بە یارمەتییە.

ئارەزووم لە وێنەکردن و فیلمی کارتۆنە

دیمانە: سوزان کەریم - کەرکووک

ناوت: کەنیر فراس جەمال
تەمەنت چەندە؟ حەوت ساڵانم
پۆلی چەندی؟ یەکی سەرەتاییم
لە چ قوتابخانەیەکی؟ چوارباخ
ئارەزووت لە چییە؟ وێنەکردن و سەیر کردنی فیلمی کارتۆن
سەیری کۆواری حاجیلە دەکەی؟ بەڵێ هەموو جارێک باوکم کۆمەڵێک کۆواری منداڵانم بۆ دێنێتەوە حاجیلەشی تێدایە.

کارەساتەکانی هەسارەی زەوی

گزنگ – کەرکووک

هەزاران ساڵە هەسارەکەمان ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆری کارەساتی سرووشتی بووەتەوە، کە هەندێکیان لە گەردوونی دەرەوەن و هەندێکی تریان لە دەریا و وشکانی و نێوجەرگەی زەوی خۆیەتی.

کارەســـاتەکانی گەردوونی دەرەوە، بریتین لەو نەیزەکانەی لە خولگەی زەوی نزیک دەبنەوە و بە هۆی کێش کردنی زەوییەوە زۆر بە توندی بەر زەوی دەکەون، ئەوانەی لـــە دەریا و ئۆقیانووسەکانیشـــەوە دێن لافـــاو و زریانی دەریایین، کارەســـاتەکانی نێوجەرگەی زەویش گـــڕکان و بوومە لەرزەکانن، کە هەر هەموویان زەرەر و زیانی گەورەیان لێ دەکەونەوە و دەبنە مایەیماڵوێرانیی دانیشتووانی سەر ڕووی زەوی.

لە ساڵی ١٨١٥دا گەورەترین گڕکان لە دورگەی تامبۆرای وڵاتی ئیندۆنیسیا تەقییەوە و هێنـــدەی تەقینەوەی ١٠ هەزار بۆمبـــی هایدرۆجینی بەهێز بوو و بووە هۆی ئاوارە کردنی سەدان کەسی دورگەکە و ژەهراوی بوونیان.

لە ساڵی ١٩٠٥دا مەترسیدارترین بوومەلەرزە وڵاتی ئیکوادۆری هەژاند، کە توندییەکەی هێندەی تەقینەوەی ١٠٠ بۆمبی هایدرۆجینی دەبوو و مەرگی هەزاران کەســـی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

گەردووناسان ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە، کە پێش ٦٥ ملیۆن ساڵ مەترسیدارترین کارەســـات بە ســـەر زەویدا هاتبێ، کەوتنەخوارەوەی هەسارۆکەیەکە و بووە مایەی قڕکردنی ژمارەیەکی زۆری زیندەوەرانی سەر زەوی، کە گرینگترینیان دایناسۆرەکانن و بە هێزی ١٠٠ ملیۆن بۆمبی هایدرۆجینی بەر زەوی کەوتووە.

ڕێوییە فیڵبازەکەی ژمارە ٨ی حاجیلە لە چوارقوڕنە دۆزرایەوە

بەڵـــێ ئەمجارەش بۆ ڕێوییە فیڵبازەکەی حاجیلە کە ویســـتبووی دەربـــاز بێت هاوڕێمان فریشـــتە محەمەد عەبدوڵڵا ، پۆلی شەشـــەمی قوتابخانەی چوارقوڕنـــەی بنەڕەتییە لە ناحیەی (چوارقوڕنـــە) دۆزییـــەوە و حاجیلەی لێ ئاگـــەدار کردەوە، ئێمە وێڕای دەستخۆشـــی و پیرۆزبایی، ژمارەکانی ساڵێکی کۆوارەکەی بۆ دەنێرین لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمان

بەهرە جەبار – سلێمانی

مستەر بین

ڕوان ئەتکینســـۆن ، هونەرمەندێکی بەهرەمەندی کۆمیدیای جیهانیە کە بە نازناوی (مســـتەر بین) ناسراوە .

مستەر بین ، یەکەمین نواندنی لە ساڵی ١٩٩٠ بوو ، کاتێـــک زنجیرەیەکی ١٤ ئەڵقەیی لە تەلەڤزیۆنی وڵاتـــی بەریتانیـــا ، لەو ســـاڵ پێشـــکەش کرا ، ناوبانگێکی زۆری بۆخۆی پەیداکرد و لە ساڵانی دواتـــر چەندین فلیمی درێژی پێشـــکەش کرد کە بووە مایەی دەستخۆشی بەشێکی زۆر لە بینەر و ڕەخنەگران لە سەرتاسەری جیهاندا .

مســـتەر بین ، لە کاری نواندنیـــدا پەنا دەباتە بەر جوڵـــە ، ڕووداوی بەپەلـــە ، خۆی دوور دەگرێت لە قســـەکردن و دایەلۆگ کە بێگومان ئەم جۆرە هونەرە یەکێکە لە قورســـترین کاری هونەری و نواندن .

پەپوولە بچکۆلەکە و هاوڕێ لاسارەکەی

و: ئەنجام بابان - کەرکووک

پەپوولــە بچکۆلــە، پەپوولەیەکی زیــرەک و ڕەنگاوڕەنگی جوان بوو، هەمیشــە ئامۆژگارییەکانی دایکی لە یاد نەدەکرد.
ڕۆژێکیان بە قسەی هاوڕێکەی لە کێڵگەکەی خۆیان دوورکەوتەوە بۆ کێڵگەیەکی تر، کاتێک ئامۆژگارییەکانی دایکی بەبیر هاتەوە چپاندییە گوێی هاوڕێکەی و وتی: دەبێ بگەڕێمەوە دایکم پێی وتووین لە کێڵگەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە.
هاوڕێکەی دایە قاقای پێکەنین و وتی: هەی ترســنۆک من دەزانم تۆ ترســنۆکی.. وەرە هەی ترسنۆک وەرە.. وەرە... با گوڵێکی بۆن خۆشت پێشاندەم.
هەوڵــی دا بەدەم بانگەوازی هاوڕێکەیەوە نەچێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پێی نەڵێت ترسنۆک، کەوتە هاوشانی تا گەیشتنە گوڵێک کە بۆنە خۆشەکەی و ڕەنگی جوان و ڕازاوەکەی پەڕەکانی ســەرنجیانی ڕاکێشــا، هەردوو پەپوولەکە لە خۆشییاندا بۆی دەرچوون تا بگەنە ناو جەرگەی خونچەکە.
پەپوولــە چکۆلەکە ئامۆژگاریی دایکــی لەبیر چوو کە پێی وتبــوو لە ماڵ دوور نەکەویتەوە و لە هیچ شــتێکیش نزیک مەبەوە تا ڕەگ و ریشــەی نەزانیت، تامی شیلەی گوڵەکە هەموو شتێکی لەبیربردەوە نەیدەزانی گەڵاکان وا دەورەیان داون و بەنیــازن بیانخنکێنن کاتێــک پەپوولە چکۆلەکە و هاوڕێکەی هەســتیان کرد لە مــردن نزیک بوونەتەوە، هەردووکیان چۆکیان دادا. تا لەولاوە گەڵایەکی بچووک لەناو جەرگەی گوڵەکەوە هات و هەردووکیانی لە مەترسی دوورخستەوە پەپوولە چکۆلەکە ئاوڕی لێ دایەوە تەماشــای کرد ئەوە دایکێتی بزەیەکی بۆ کرد و گوێی لــێ بوو دایکی وتی: دراوســێکەمان پێی وتم کە ئێوە بــەرەو زیندەوەرخۆرەکان چوون، بۆیە بەدواتانا هاتم.
پەپوولە بچکۆلەکە بە شــەرمەزارییەوە ڕووی کردە دایکی و وتی: دایە گیان لێم ببوورە ئەمە دواجارە.. دواجار..

سەرچاوە: لە ئینتەرنێتەوە

حەوت جاران بێ وەستان ئەم ڕستەیە بڵێرەوە

زانا سەباح-کەرکووک

سێ قەرتاڵە هات بە تاوا
یەکیان موو بوو ، یەکیان توو بوو ، یەکیان گوو بوو
چنگم دا لە موو ، قەپم دا لە توو ، لەقەم دا لە گوو

ڕێوی و قەلەڕەشکە و گورگ

و: دلێر زەنگنە - کەرکووک

قەلەڕەشکەیەک لەسەر دارێک نیشتەوە، ڕێوییەکی برسی چاوی پێ کەوت و بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: سلاو ئەی قەلەڕەشکەی هاوڕێم وەرە با پێکەوە بدوێین و گوێم لە دەنگە خۆشەکەت بێت.
قەلەڕەشکە وەڵامی دایەوە: چۆن بۆ لای تۆ دابەزم دەتەوێ زەفەرم پێ بەری.
ڕێوی وەڵامی دایــەوە: ئەی هاوڕێم ئێمە پەیمانێکمان لەگەڵ یەکتر مۆر نەکــردووە، کە چیتر دژایەتیی یەکتر نەکەیــن و بە ئاشــتی بژین پێکەوە، هەموومان هاوکاری یەکتر بین و بەهێــزەکان یارمەتیی لاوازەکان بدەن ، ئەوسا خێر و بەرەکەت دەرژێتە سەر هەمووان.
قەلەڕەشکە بیری کردەوە و بەخێرایی وەڵامی ڕێویی دایەوە و گوتی: ئەوە گورگێک لە پشتەوە هات و هەموومان پێکەوە دادەنیشین و گوێ لەیەک دەگرین و خۆشترین و تازەترین گۆرانیتان بۆ دەچرم.
هەرئەوەندەی کە ڕێوییەکە گوێی لێ بوو گورگەکە هات، بەدەنگێکی بلند هاواری کرد: جارێکی تر دێمەوە لات نەوەک ئەو گورگە زەفەرم پێ بەرێ.
قەلەڕەشکەکە پێی گوت براکەم بۆ دەترسیت، ئەی ئێمە پەیمانێکی هاوبەشمان مۆر نەکرد؟ (ببوورە پەیمانێکی هاوبەشیمان مۆر کرد بۆ ئاشتی)
سەرچاوە: ئینتەرنێت

پشیلە و کەڵەشێر و مشکیلە

نووسینی: تۆڵستۆی

و: شلێر محەمەد - کەرکووک

ڕۆژێک بەچکە مشکێک بۆ پیاسەکردن چووە گۆڕەپانەکەی نزیک خۆیان، هەینێ گەڕایەوە بەدایکی گوت:
– دایە گیان، دوو گیانلەبەری سەیروســەمەرەم بینی، یەکیان سامناک و تۆقێنەر، ئەوی تریشیان تابلێی ناسک و نەرم ونیان بوو.
دایکی گوتی: ئادەی گوڵی دایە زیاتریانم بۆ وەسف بکە.
مشکیلە وەڵامی داوە: دایە تۆقم چوو، کە بینیم دوو قاچی ڕەش، پۆپنەیەکی سوور بەتەوقی سەریەوەیە، دوو چاوی خڕ و گەورە، لووتیشــی قولاپ ئاســا چەمابووەوە، کاتێک نزیکی بوومەوە دەنووکی واز کرد و قاچی بەرز کردەوە و بەدەنگی بەرز قووقاندی، زەندەقم چوو.
دایکی گوتی: ئەوە کەڵەبابە گوڵی دایە، کەس ئازار نادا و لێشی مەترسە.
– بەڵام ئەوی تریان لەبەر ڕۆژەکە پاڵی لێ دابووەوە، گەردنی ســپی ورنجەی دەهات، پێیەکانی خۆڵەمێشــی بوون، زگی خۆی دەلستەوە، ئەودەمی بینیمی کەوتە کلکە لەقێ.
دایکە گوتی: ئای کە نەفامیت مشکیلە نازدارەکەم، ئەوە دوژمنە هەمیشەییەکەمانە، پێی دەڵێن: پشیلە.

جوگرافیای وڵاتان

١٠ ئەفریقیای ناوەڕاست

ڕۆشنا کەرکووکی
کەرکووک

ناوی وڵات : کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست

پێگـەی جوگرافیایـی : ئەفریقیـای ناوەڕاسـت دەکەوێتە ناوەڕاستی کیشوەری ئەفریقیا، لە باکورەوە چاد و لە ڕۆژهەڵاتەوە سـوودان دەوریان داوە، زائیر و کۆماری کۆنگـۆ دەکەونە باشـووری و کامیرۆن سنووری ڕۆژاوئاوای پێکدێنێ.

ڕووبەر : ٦٢٢ هەزار و ٩٨٤ کیلۆمەتری دووجا.

ژمـارەی دانیشـتووان : ٣ ملیـۆن و ٨٠٠ هەزار کەس.

چڕیی دانیشـتووان : ٦ کەس لـە کیلۆمەترێکی دووجادا .

پێکهاتەی ئاینی : ٥٠٪ کریسـتیانی پرۆتسـتانت، ٣٣,١٪ کریسـتیانی کاتۆلیک، ٣,٢٪ موسڵمان، ٠,٣٪ بەهائی، ١٢٪ ئاینی هۆزەکی، و ١,٤٪ ئاینەکانی تر.

یانگی (٥٥٣ هەزار کەسی تێدا دەژێ).

گرینگترین شارەکانی: بمباری، بربراتی، بۆروار.

جۆری حوکمڕانی: پەرلەمانیی فرە حزبی.

دراو: فرەنکی ئەفریقیایی.

زمان: فرەنسی و سانجۆیی.

گرینگتریـن هەناردەکانـی: قاوە، چـا، تەختە، پەموو، ئەڵماس، عاج.

گرینگترین هاوردەکانی: خۆراک، کەرەستەی هاتوچۆ، دەرمان.

کات: گرینتچ+ ١.

مێـژووی بە ئەندام بوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان: ١٩٦٠

ڕیزبەندییەکان: شەشـەمی جیهانـە لـە بەرهەمهێنانـی ئەڵماسدا .

تیپی ریال مەدرید

وەرزین حەمە – قادرکەرەم

ناوی تەواوی ئەم تیپە (تیپی شاهانەی مەدرید بۆ تۆپی پێ)ـیە، بە تیپی (سپی) ناسراوە و ناوە کورتکراوەکەی (ریال مەدرید)ـە. لە ٦ی ئاداری ١٩٠٢ بە ناوی یانەی مەدرید بۆ تۆپی پێ دامەزرا.

یاریگەی ئەم تیپە بریتییە لە یاریگەی (سـانتیاگۆ بێرنابیۆ) لە شاری مەدریدی پایتەختی ئیسـپانیا. کە ٨٠ هەزار و ٣٥٤ کەس دەگرێ. ناوی سەرۆکی تیپەکە (فلۆرەنتینۆ پیرێز)ـە و ئەم تیپە لە خولی ئیسـپانیا یاری دەکا و وەک باشـترین تیپی تۆپی پێ لە سەدەی بیستەمدا هەڵبژێردراوە.

ریال مەدرید ٣١ جار خولی ئیسـپانیای بردووەتەوە و ١٧ جار جامی شـای ئیسپانیای بردووەتەوە. هەروەها ٩ جار پاڵەوانێتیی خولی پاڵەوانانی ئەورووپاشی بەدەست هێناوە.

تۆپی پێی ئەمەریکایی

حوسێن قارەمان – کەرکووک

تۆپی پێی ئەمەریکایی وەرزشێکە لە ئەمەریکا بە (football) ناسراوە. مەبەسـت لەم یارییە تێپەڕینە بەناو یاریزانانی تیپەکەی بەرامبەر تا گەیشتن بە ئەوسەری ناوچەی ڕکابەر.

لە تۆپی پێی ئەمەریکاییدا تۆپ بە دەسـتەوە دەگیرێ و دەکرێ فڕێـدەی بـۆ یاریزانێکی تر بۆ ئەوەی بەرەو پێشـەوە ببیـا. هەروەها یاریزان دەتوانێ تۆپەکە بداتە دەستی یاریزانێکی تر.

گۆڵکردن لە تۆپی پێی ئەمەریکاییدا بە چەند شێوەیەکە:

بەرەو پێشـەوە چوون و تێپەڕاندنی هێڵی گۆڵـی تیپی ڕکابەر بەبێ وەستان، یان هاویشـتنی تۆپەکە بۆ یاریزانێکی تر کە لەودیوی هێڵی گۆڵەکەیە، یان شـووتکردنی بەرزی تۆپەکـە بۆ ئەوەی بە نێوان ئەو دوو ستوونەدا بڕوا کە لە کۆتاییی ناوچەی تیپی ڕکابەردان.

تیپـی بـراوە لە تۆپی پێـی ئەمەریکاییدا ئـەو تیپەیە کـە لە ماوەی دیاریکراودا زۆرترین خاڵ تۆمار دەکا.

ژمـارەی یاریزانانی هەر تیپێک زیاترە لە ٥٠ یاریزان، بەڵام تەنیا ١١ یاریزان لە یەک کاتدا لە ناو یاریگەدا دەبن.

هاوڕێیانمان ئارەزووی چی دەکەن و چی دەخوێننەوە ؟

ڕیپۆرتاج : نەواز ئەحمەد

شیڤان شێرزاد تەمەنی ١٣ ساڵانە و لە پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی باسەرەی تێکەڵە. لەشولارێکی ڕێکوپێکی وەرزشییانەی هەیە، لێمان پرسی ئارەزووت چییە؟ گوتی: وەرزش، بەتایبەتی یاریی تۆپی پێ، بێجگە لە کتێب و وانەکانی خۆم، ئارەزووی خوێندنەوەشم هەیە و زۆربەی کۆوار و ڕۆژنامە وەرزشییەکان دەخوێنمەوە. ئەو باسی ڕەوشی خۆیانی بۆ کردین کە چۆن تا پێش دوو مانگ لەبەر نەبوونی پۆل، لە بن خێوەتدا دەیانخوێند و باران کتێب و دەفتەرەکانیانی تەڕ دەکردن، بەڵام باش بوو ڕێکخراوێکی خێرخواز هات و ٣ پۆلی بۆ دروست کردن، سوپاسیانی دەکرد.

ئیسرا محەمەدی تەمەن ٩ ساڵان هاوڕێیەکی ترمانە و لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییە لە قوتابخانەی چوارباخی سەرەتایی کچان، یەکێکە لە حوێنەرانی کۆواری حاجیلە و ئارەزووی نووسینی سروود و هۆنراوەیە بۆ منداڵان، دەیگوت: زۆر جار هەوڵم داوە بە شیعر و چیرۆک بەشداری لە کۆوارەتان بکەم. زۆر حەزیشم لە چێشتی یاپراخە و ئەو ڕۆژانەی دایکم لێیدەنێ، هاوکاریی دەکەم. گشت مامۆستاکانم بەبێ جیاوازی خۆش دەوێن و ئەوانیش زۆر میهرەبانن لەگەڵمان و بێجگە لە فێرکردن، هانمان دەدەن لە چالاکییە هونەری و وەرزشییەکانیشدا بەشدار بین.

ئاسۆس کازم، جلێکی کوردیی مۆری لەبەرکردبوو و بە نمایشێکی شانۆیی بەشداریی لە چالاکییەکی قوتابخانەکەیان کرد، ئەو تەمەنی ١٢ ساڵانە و لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییە و بێجگە لە خوێندنی وانەکانی خۆی ئارەزووی خوێندنەوەی کۆوارە تایبەتەکانیشە کە بۆ منداڵان دەردەکرێن، لە نمایشێکی شانۆییدا ڕۆڵی هاوسەرێکی خراپی دەگێڕا و پاش تەواوبوونی شانۆگەرییەکە، پێمانی گوت: من لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا دووەم دەرچووم و بەو هیوایە دەخوێنم کە ببم بە پزیشک، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرم حەز لە شانۆگەرییە و حەزیش دەکەم ناوبەناو لە قوتابخانەکەماندا ئەم جۆرە چالاکییانە ساز بدرێن تا بەشدارییان تێدا بکەم، لەو کاتانەشدا کە دەستم بەتاڵ دەبێ، کۆواری (کەپر) دەخوێنمەوە.

نەوال ڕەشید، لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییە و تەمەنی ١٣ ساڵانە، بە جلێکی کوردیی جوانەوە خۆی ڕازاندبووە و بەشداریی ئاهەنگێکی قوتابخانەکەیانی کردبوو، دەیگوت: زۆر حەز لە خوێندنەوەی شیعری کوردی دەکەم و جاربەجاریش چیرۆک دەخوێنمەوە. بۆ دووارۆژیش ئەم هاوڕێیەمان حەز دەکا ببێ بە مامۆستای زمانی کوردی و قوتابییان فێری زمان و ئەدەبی کوردی بکات، چونکە ئەو پێیوایە مامۆستا پیشەیەکی زۆر پیرۆزە و ساڵانە نەوە دوای نەوە پێدەگەیەنێ و ئاسۆی ژیانیان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، بۆیە دەیگوت : دەبێ ئێمەی قوتابی چەند ڕێز لە دایک و باوکی خۆمان دەنێین، ەوەندەش ڕێز لە مامۆستاکانمان بنێین و خۆشمان بوێن.

ئەڤین نەوزاد، بەبەخشینەوەی شیرینی پێشوازیی لە میوانانی قوتابخانەکەیان دەکرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی دەکردن. ئەم هاوڕێیەمان حەزی لە خوێندنەوەی کۆوارە کوردییەکانە و بە بەردەوامی کۆواری حاجیلە دەخوێنێتەوە. ئاهەنگی قوتابخانەی پیرەمێردی سەرەتایی بە بۆنەی کردنەوەی کتێبخانەیەک بوو، کە لەلایەن خێرخوازێکەوە کرابووە، بۆیە ئەڤین بەو منداڵییەی خۆیەوە هەستی دەکرد ئەم کارەی خێرخوازان هەڵوێستێکی دڵسۆزانەیە و سوود بە قوتابییان دەبەخشێ و گوتی : ئارەزووشم وێنەکێشانە بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ.

قەڵەمە ناسکەکان

ئازاردانی گیانلەبەران

ساری کەمال تەمەن ١٣ ساڵ – چەمچەماڵ

ڕێبوار کوڕێکی لاســارە، زۆر ئازاری گیانلەبــەران دەدات، لە کۆڵانی ماڵی ڕێبوار دارێکی گەورەی لێ بوو، لەسەر ئەم دارە چۆلەکەیەکی جوان لەگەڵ چەند بێچوویەکی خنجیلانەدا هێلانەیان لەسەر کردبوو. ڕۆژێکیان ڕێبوار لە کۆڵان دانیشتبوو سەیری درەختەکەی دەکرد، بینی هێلانەی چۆلەکەیەکی، کەوتە بەرد تێگرتنی دارەکە بۆ ئەوەی هێلانەکە بەربێتەوە و ئازاری چۆلەکەکان بدات، بێچووە چۆلەکەکانیش کەوتنە جریوە جریو لە ترســا، دایکە چۆلەکەیش هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو نەیدەزانی چی بکات، ناچار بوو لە هێلانەکە خۆی دەرباز کرد و لەسەر لقی دارەکە نیشتەوە و بە ڕێبواری وت: ئەوە چی دەکەیت کــوڕە بچکۆلەکــە چ کارت بەم درەختە هەیە خۆ ئــەم درەختە هیچ بەرێکی پێــوە نییە بۆچی بەردی تێدەگریت؟ ڕێبوار وتی: دەزانــم بەری پێوە نییە، بەڵام دەمەوێت هێلانەکەتان بەربدەمەوە. چۆلەکەکە وتی: بۆچی بەری دەدەیتەوە خۆ هیچ ســوودێک بەتۆ ناگەیەنێت و هیــچ ڕێگایەکمان لەتۆ نەگرتووە تکات لێ دەکەم هێلانەکەمان لێ تێک مەدە و با بێچووەکانم نەمرن، ئەگەر بەری بدەیتەوە بێچووەکانم دەمرن و تۆش گوناحت دەگات و هیچیشــت دەست ناکەوێ. باشە ئەگەر یەکێک ماڵ لە ئێوە تێک بدات تۆ چی دەکەیت؟ ڕێبوار هیچی نەوت هەر وەستابوو، چۆلەکەکە وتی: بۆچی وەڵامم نادەیتەوە؟ ڕێبوار کاتێــک بیری کردەوە زانی کارەکەی هەڵەیە بڕیاری دا هێلانەکەیان لێ تێک نەدات و جارێکی تر کاری وا دووبارە نەکاتەوە و هەرگیز ئازاری گیانلەبەران نەدات.

کەڵەشێر و ڕێویی فێڵباز

چۆپی ئیسماعیل
پۆلی: یەکەم   قوتابخانەی فێنک – کەرکووک

ڕۆژێک لە ڕۆژان کەڵەشێرێک لەسەر درەختێک وەستابوو، ڕێویی فێڵباز چاوی پێکەوت و بانگی کرد و گوتی: کەڵەشـــێر... کەڵەشێر بڕیار وایە هەرچی ئاژەڵ هەیە لەم دارستانەدا ببنە هاوڕێ و چیتر ڕێوی پەلاماری مەڕ و ماڵات نەدات و پشـــیلە پەلاماری جووجە و مریشک نەدات و پڵینگیش پەلاماری ئاسک و سەگیش پەلاماری پشیلە نەدات.

ڕێوی بەم قسانە فێڵی لە کەڵەشێرەکە کرد و باوەری پێ هێنا و هاتە خوارەوە لەسەر درەختەکە.

ڕێویی فێڵباز خۆی بۆ هەڵدا و کەڵەشێرەکە بەخێرایی هەڵفڕی خۆی کردەوە سەر درەختەکە و گوتی: ئیتر من باوەڕ بەتۆ ناکەم.

بۆیە گووتویانە بە زورنای هەموو کەس هەڵمەپەرە.

خوێندەواری گرینگە

محەمەد رزگار
پۆلی چوارەم
قوتابخانەی ژیاری بنەڕەتی

دوو کوڕی لاو هاوڕێی یەکتر دەبن یەکێکیان ناوی ئازادە و ئەوی تریان نەوزاد، لە قوتابخانــە دەیانخوێند ڕۆژێکیان باوکی نەوزاد بە نەوزادی گوت: کوڕم واز بێنە لــە خوێندن لەبەر ئەوەی من دوکانێکت بۆ دەکرم، نەوزادیش ڕازی بوو بەڵام ئازاد لەسەر خوێندن بەردەوام بوو.

نەوزادیش چووە سەر دوکانەکە و دەستی بەکار کرد بەڵام ئیشیان زۆر خراپ بوو، ماڵی ئازادیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو باشی دەچوون، ماڵی نەوزادیش دوکانەکەیان لەدەســت دا و نەوزاد زۆر پەشـیمان بووەوە دووبــارە گەڕایەوە بۆ قوتابخانەکەی و دەســتی کرد بە خوێندن لەگەڵ ئازادی هاوڕێی.

پۆلی یەک

ئیسماعیل عوسمان–کەرکووک

ئێستاکە شەش ساڵانم
من دەرچووی باخچەکانم
ئەمساڵ دەڕۆم بۆ خوێندن
بەرەو لوتکەی سەرکەوتن
دارا و دارا دەخوێنم
کتێبم نادڕێنم
لەناو پۆل بە ژیرانە
دادەنیشم بۆ وانە
چی بڵێ مامۆستاکەم
بەگوێی دەکەم وا ئەکەم
ئەگەر ئەرکم بۆ نووسین
دەبێ وەرگرم ئافەرین
ئەگەر ساڵیش تەواو بوو
پۆلی یەک دەبڕم بۆ دوو
تاکو لوتکەی سەرکەوتن
کۆشش کەم بێ سرەوتن

شێرێکی مەرد

هیوا و دارا–کەرکووک

لە دارستانێکدا شـــێرێک پاشا بوو، ئەم شێرە زۆر بەجەرگ و بەوەفا بوو، نەیدەهێشـــت ئاژەڵەکانی ئەو دارستانە بەدەســـت ئاژەڵانی دیکەوە ئازار بچێژن،

ئەم پاشایە بێچوویەکی زۆر دڕندەی هەبوو بۆیە نەیدەهێشت لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە، بەڵام هەر ڕۆژێک باوکی لەگەڵ شـــێرەکانی دیکەدا بڕۆیشتایەتە دەرەوە ئەمیش بە دزیی پاشـــاوە دەرۆیشتە دەرەوە و، بێچووی ئاژەڵانی دیکەی دەخوارد.

پاشا ئەمەی بیستەوە ویستی بیکوژێ، ڕۆژێک لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ سەر ڕووبارێک و پێی گوت: ئەگەر توانیت مەلەوانی بکەیت ئەوا من تۆ دەکەم بە پاشا و لە جێی خۆمت دادەنێم، بێچووەکەش ڕازی بوو و خۆی فڕێدایە ناو ئاوی ڕووبارەکە لە ناکاودا تیمســـاحێکی گەورە خۆی بۆ فڕێدا و خواردی.

پاشـــا زۆر خەمبار بوو لەبەر ئەوەی بێچووەکـــەی مرد، بەڵام ئاژەڵەکانی دارســـتانەکە بە پێچەوانـــەوە زۆریان پێ خۆش بوو. دوای چەند ســـاڵێک پاشـــا بێچوویەکی دیکەی بوو بەڵام ئەم بێچووەی فێر کرد ئاژەڵانی دیکە نەخوات بۆیە پێش ئەوەی بمرێت بێچووەکەی کرد بە پاشای ئەو دارستانە و خۆی مرد.

ئەویش وەکو باوکی کەســـی ئازار نەدا تەنیـــا ئەو ئاژەڵانەی ئازار دەدا کە ئازاری ئاژەڵەکانی دیکەیان دەدا.

زیانەکانی هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە

ناز ئەحمەد-رەحیماوە

جگەرە کێشان یەکێکە لەو کارە خراپانەی کە مرۆڤ خووی پێوە دەگرێ و راستەوخۆ کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیی مرۆڤ هەیە و دەرکەوتووە کە مرۆڤی جگەرەکێش زیاتر تووشی نەخۆشییەکانی گوێ دەبێ، هەروەها ئەوانەی جگەرە ناکێشن و تەنیا دووکەڵی جگەرەی کەسێکی تر هەڵدەمژن ئەگەری کەربوونیان زیاترە لە کەسانی دوور لە دووکەڵ.

لیکۆڵینەوەکانیش دەریانخستووە، ئەو دووکەڵەی لە تووتنی جگەرەوە دەردەچێت دەبێتە هۆی رێگەگرتن لە گەیشتنی خوێن بۆ خوێنبەرەکانی گوێ و گوێ بێبەش دەکەن لە رێژەی پێویستی ئۆکسجین.

پسپۆرانیش دەڵێن: نازانین رێژەی ئەو دووکەڵە هەڵمژراوە چەندە کە دەبێتە هۆی کەربوون، بەڵام باشترین رێگە بۆ خۆپاراستن، دوورکەوتنەوەیە لەو شوێنانەی دووکەڵی جگەرەی تێدا قەتیس ماوە.

بۆیە ئێوەی مندالانیش دەتوانن بە زمانێکی شیرین و بە رێزەوە داوا لە باوک و دایکە جگەرەکێشەکانتان بکەن کە ئەگەر جگەرەش دەکێشن با لە شوێنێکی داخراودا نەیکێشن و دووکەڵەکەی نەکەنە سینگە خاوێنەکەی ئێوەوە.

چەند رێنوێنییەک سەبارەت نانخواردن

چاوان عەلی-زێویە

مرۆڤی ئاسایی لە رۆژانی ئاساییدا، رۆژانە ٣ جار نان دەخوات، و بەو جارانە دەگوترێت (ژەم). کە گرینگترینیان ژەمی بەیانیانە و پزیشکان جەختی لەسەر دەکەنەوە. مرۆڤیش وزە و هێز و توانای لە خۆراکەوە دەست دەکەوێت، بۆیە بۆ پاراستنی تەندروستیمان پێویستە ئەم رێنوێنیانە رەچاو بکەین:

یەکەم: دەبێ رۆژگارمان بە ژەمە خواردنی بەیانیان دەست پێ بکەین و بەبێ نانخواردن نەچینە قوتابخانە، ئەگەریش هەر حەزت لە خواردن نەبوو، بەلانی کەم پەرداخێک شیر بخۆرەوە.

دووەم: ژەمە خواردنەکانت لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا بخۆ و هیچیان لە دەست خۆت مەدە.

سێیەم: با ژەمە خواردنەکانت لەگەڵ تێکرای ئەندامانی خێزانەکەتدا بێت و خۆت جودا مەکەرەوە و هەرگیز لە بەردەم تەلەفزیۆندا نان مەخۆ.

چوارەم: پارووەکانت بە جوانی بجاوە و هەوڵ بدە لە کاتی نانخواردندا قسە نەکەیت.

کوردستان محەمەد - ئازادی

هە لێبێنە

- بە هەموو زمانێک دەدوێ
- بە سێ برا لاقێکیان هەیە
- بشمریت لێت نابێتەوە
- خڕە وەک هەرمێ سپییە وەک بەفر
- دێو نییە و ددانی هەیە

ئایا دەزانی

- نۆتەی موزیک لە پێنج خاڵ پێک هاتووە.
- ماوەی سکپڕیی ماین ١١ مانگە.
- درێژیی گەدەی مرۆڤی ئاسایی ٢٥ سانتیمەترە.
- ناوی کۆنی عەممان فیلادلفیا بوو.
- ماوەی سکپڕیی پشیلە ٦٣ رۆژە.

پەندی بەرینان

ئەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

سێبەر، عیلم، میوان، مزگەوت، چاکە

- تا ماڵ وەستابێت........حەرامە
- .... لە چاکە دەبێتەوە
- حازرخۆری بەر..........
- حیلم لە .... چاترە
- .... دیاریی خوایە

شاتوو خەسرەو – سەرچنار

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

ژمارەی خانەکانی مرۆڤ چەندن؟
- ٦٠ ملیۆن
- ٧٠ ملیۆن
- ٨٠ ملیۆن

لەکاتی پێکەنیندا چەند ماسوولکە دەجولێت؟
- ١٧ ماسوولکە
- ٢٧ ماسوولکە
- ٣٧ ماسوولکە

ئێسکەکانی باڵ چەندن؟
- ٣١ ئێسک
- ٤١ ئێسک
- ٥١ ئێسک

لووتی فیل چەند ئێسکی تێدایە؟
- نییەتی
- یەکی تێدایە
- چل ئێسکی تێدایە

دڵی مشک لە خولەکێکدا چەند جار لێدەدات؟
- ٣٠٠ جار
- ٤٠٠ جار
- ٥٠٠ جار

بمرەنگێنە

لەرین – سلێمانی

ڕامان

سنجانە سالار – گوندی قشلاخ

لەم کۆمەڵە فۆرمانەدا، پێویستە چ ژمارەیەک لەو شوێنەدا دابنرێت؟



ئەمە چییە؟

حەمەسیروان یاسین–دارەتوو

ڕەشە و خاڵی سپی پێوەیە، درێژیی ٢١ سانتیمەتر و کێشی ٧٤-٩٠ کیلۆگرامە، ٥-٧ هێلکەی سپی مەیلە و شینی کاڵ دەکات ١٢-١٣ ڕۆژ لەسەری کردەکەوێ، لە بەهار و سەرەتای هاوین هەڵیدەهێنێ، بەکۆمەڵ دەژین و ڕەو دەکەن. زیندەوەری چکۆلە و میوەو تۆو و توو دەخۆن، زیکە زیک دەکەن.

قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە



نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک

چاوتیژی

نیگار نامیق – شوان

ئەمانە مرۆن یان سێبەری درەختەکان

شیلان بەکر – ڕەحیماوە

جوان لەم درەختە وردبەرەوە و بزانە چەند کەللەسەری پێوەیە .

کۆدی وڵاتان

خاوەر کاکەبرا – بازیان



ئەمەریکا: ٠٠١
بەلجیکا: ٠٠٣٢
پاکستان: ٠٠٩٢
تایلەند: ٠٠٦٦
چین: ٠٠٨٦
یابان: ٠٠٨١
سوید: ٠٠٤٦
کەنەدا: ٠٠١
ڤێتنام: ٠٠٨٤
ئیسپانیا: ٠٠٣٢
ئوستڕالیا: ٠٠٦١

کتێب

لاوە زەنگنە – پەنجا عەلی

ناوی یەک کتێبی ئەم شاعیرانە لە بەرانبەر ناوەکانیان بنووسە :

– لەتیف هەڵمەت
– شێرکۆ بێکەس
– عەبدوڵڵا پەشێو
– جەمال غەمبار
– ئەحمەدی مەلا
– عەباس عەسکەر

ئەگـەر زانیـت ئـەوا دوو کتێبی ئەم شـاعیرانەت پێشکەش دەکەین.

هاوشێوە

تەنیا وێنەیەک هاوشێوەی وێنەی سەرەوەیە

شەیدا شەماڵ – کەرکووک



هونەری دەست

نەجات عەبدوڵڵا – ڕەحیماوە



بمگەیەنە

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک



خاوەنی ئیمتیاز
بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیار
عوف عبدالرحمن
سەرنووسیار
حەمە سەعید زەنگنە
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار
نەبەز ڕۆستەم
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
پەروەر
تایپ
دلێر ڕەفیق
ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری

وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣
مەتەڵ: درۆ

ل١٣
من چیم : حاجی لەقلەق

ل٣٠
ڕامان : ٢٨

ل٣٤
گەیاندن : ١٩٢٢/١١/١٨

شـقاتە، تەڵێک لـە حەوتەکە هەڵدەگری دەیخەیتە سـەر کەمەکە

ل٣٦
شیکاری : زۆزک

وشەی بزر :قەندیل

بیرکاری ١٣٣ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار

خەڵات :دۆلفین

ل٣٨
ماتماتیک : ٩ ڕۆژ

گەیاندن

ئـەم هێڵانە بگەیەنـە ، لات پەنی دەبێت لـە چ مێژوویەکدا ئێزگەی کوردی لە بەغدا کرایەوە

هونەر عاسی – داقووق



تەنها ٥ جیاوازی لە نێو ئەم دوو وێنەیەدا هەیە . . . . . دەتوانیت دەستنیشانیان بکەیت ؟

پروشە جەبار – سلێمانی

یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر – ئازادی



جێگۆڕکێ بەیەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشـەکە بکاتە بیست و شەش .

جێگۆڕکێ

جێگۆڕکـێ بـە دوو ژمـارە بکە تا بە ستوونی و ئاسـۆیی کۆی ڕیزەکان بکاتە ٢١

5	2	2	6	1	3
6	1	3	4	2	5
4	3	1	2	5	6
2	6	5	1	3	4
1	5	6	3	4	2
3	4	4	5	6	1

هێشو جوامێر – سەنگەسەر

هاوبەشی

دلێر – چەمچەماڵ

لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە .

سێبەر

سێبەر مام کەروێشک ونبووە ، دەتوانیت بیدۆزیتەوە ؟

پۆلا سامی – کەرکووک

شاخە بڵندەکانی جیهان

محەمەد نەوزاد-تەکیە

چیای ئەڤەرێست ٨٨٤٨ مەتر بەرزە لە هەرێمی تبت-نیپاڵ
چیای گودوین ئەستن ٨٦١٠ مەتر بەرزە لە هەرێمی تبت
چیای کانشانگیونگا ٥٨٥٨ مەتر بەرزە لە هەرێمی سیکیم- نیپا
چیای نانکاباربات ٨١٢٥ مەتر بەرزە لە وڵاتی هیند
چیای ستالین ٧٥٠٠مەتر بەرزە لە وڵاتی رووسیا
چیای مزناک ئانا ٧٤٢٩ مەتر بەرزە لە چین
چیای ئەکونکاگوا ٧٠٢٣مەتر بەرزە لە ئەرجەنتین
چیای ئەنکوهاما ٦٩١٩ مەتر بەرزە لە پۆلیڤیا

وشەی بزر

داستان محەمەد -ئازادی

دوای ئـەوەی بە هێڵێکی ڕاسـت ئەم نێوانـەی لای خـوارەوە دەسـڕیتەوە، ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لە حەوت پیتان پێکهاتـووە و ناوی شـارێکە کیمیاباران کرا سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

هۆنـراوە، هێلیان، هاوسـەنگ، هەڤبەند، هانـا، هاونیـاز، هاودەنـگ، هەرسـین، هەستیار، هاودەم، هەڵوان.

ە	ە	د	م	ە	پ	ڤ	ە	ھ
ا	ن	ا	ھ	ر	ھ	گ	ھ	ب
ڤ	ھ	م	ج	ا	ە	ن	ا	گ
ن	ە	ە	ھ	ی	ر	ە	و	ن
ا	ڵ	د	ا	ت	س	د	ن	ە
ی	و	و	ن	س	ی	و	ی	س
ل	ا	ا	ا	ە	ن	ا	ا	و
ێ	ن	ھ	ە	ھ	ھ	ھ	ز	ا
ھ	ە	و	ا	ر	ن	ڤ	ھ	ھ

کوێرکردنەوە

جوان خورشید – سەید سادق

دوای ئەوەی بە هێڵێک پیتەکانی نێوی ئەم میوانە کوێر دەکەیتەوە (پرتەقـاڵ، هەرمـێ، هەنجیـر، هەنار، قۆخ، تو) ناوی میوەیەکت بۆ دەمێنێتەوە پزیشکان ئامۆژگاریمان دەکەن هەمـوو بەیانییـەک دانەیەکی لێ بخۆین.

ێ	س	ج	و	ھ	ن	ت	ر	ر	ە
ێ	م	ڵ	ا	ق	ھ	ت	ر	پ	ە
ی	ۆ	و	ا	ھ	ق	ن	ر	خ	ە

شیکاری

ڤارین کاروان– کەرکووک

نـاوی یەکێـک لـە هاوینەهەوارەکانی کوردستانە، تـۆش پاش شـیکارکردنی ئەم پرسـیارە بیرکارییـە بزانـە چ هاوینە هەوارێکە.

	=	3	+	1
	=	2	+	5
	=	3	-	6
	=	6	-	10
	=	7	+	8
	=	1	-	4

3	=	ر
7	=	ە
4	=	س
15	=	ی

خەڵات

١- زیڕی سپی لۆکەیە.

٢- زیڕی ڕەش نەوتە.

٣- ئەدی زیڕی سوور چییە؟

دوا دەلیقە ٤/٢٥

گۆتەی نێوداران



شیرین عەلی – ڕانیە

زۆرزان کەم و، نەزان فرە دەدوێ	جان جاک ڕۆسۆ
لاوازترین مرۆڤ ئەوانەن، کە ناتوانن نرخی خۆیان ڕاگرن	دانیال
مەزنترین خۆشەویستی، ئەڤینی دایکە	لینکۆڵن
ناوبانگی باش کراسێکە لە هیچ دەمێکدا کۆن نابێ	ئەدیسۆن
کارکردن هاوڕێ دروست دەکات	گۆتە

سودۆکو

	2				5
	5	4			
			6	4	
	6	1			
			3	2	
2				1	

هیوا عەلی – چەمچەماڵ

تۆڕی سودۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە (١-٦) پربکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ریزی ئاسۆیی و ستوونیی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە

١- لەکوێ بەڕێوەبەر دەکەوێتە پێش سەرکۆمار؟

٢- ئەو شتە چییە لەسەر ئاسمانە و لەژێر دەریایە؟

٣- مامۆستایەک بە قوتابییەکی گوت پێچەوانەی (نان)م دەوێت، مەبەستی چییە؟

٤- ئەو دەریایە لە کوێیە ئاوی تێدا نییە؟

٥- شتێک هەیە لە کاتی بارانباریندا دەکرێتەوە، چییە؟

«فەرهەنگ، خاڵ، نان، نەخشە، چەتر»

ڕێناز عوسمان – سەنگەسەر

بیرکاری

چرۆ عبدالرزاق - هەولێر

ئەگەر ٣٣٪ی قوتابیانی قوتابخانەیەک حەزیان لە وەرزش بێت، و ١٥٪یان ئارەزوویان هونەری شانۆ بێ، ١٨٪شیان دەنگیان خۆشـە و حەز لە گۆرانی گوتن بکەن،و ئەوانی دەمێننەوە ئارەزوویان سەیران و گەشت و گوزارە، ئایا ڕێژەی سەدیی ئەم کۆمەڵە چەندە؟

ماتماتیک

خەسرەو محەمەد - کەرکووک

ژنێک بۆ بازاڕی کردن دەچێتە بازاڕی ئەحمەد ئاغا، کە تەماشـــای جانتای پارەکەی دەکات ٧٧٥٠ دینـــاری پێیە ٣ کیلۆ تەماتە دەکڕێت، هەر دوو کیلۆی بە ٧٥٠ دینار و کیلـۆ و نیوێک باینجان دەکڕێت هەر کیلۆی بـە ٦٥٠ دینار و ٥٠٠٠ دینار دەدات بە خـاوەن دوکانەکە، ئەویش جگە لە پارەی ئەمانـە کە پارەکەی دەداتەوە پێی دەڵێت ئەوە ٣٧٥ دیناری دوێنێشم بری کە لات مابووەوە.

ئایا کە هاتەوە بۆ ماڵ و لەنێو پاس پارەی سـێ هـاوڕێ هەر یەکە ٢٥٠ دیناری دا چەند لە چانتاکەیدا مابووەوە.

تاقیکردنەوەی(٢)

ناز کەریم-تەکیە

هەنگاوی یەکەم: پڕ کەوچکێک شیر بخەرە ناو شووشەیەکی پڕ ئاوەوە و جوان تێکیدە.

هەنگاوی دووەم: شووشەکە بەرە ژوورێکی تاریکەوە و بە تیشکی لایتێکی دەستی، شووشەکە ڕووناک بکەرەوە، دەبینی ڕەنگی شیرەکە شین هەڵگەڕاوە.

هەنگاوی سێیەم: لایتەکە بخەرە ئەودیوی شووشە شیرەکەوە و خۆت وەرە ئەودیو، تەماشای شووشەکە بکە، ئەمجارەیان دەبینی ڕەنگی شیرەکە، سوور هەڵگەڕاوە.

هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە؟

شـــیرەکە وەکو گەردەکانی هەوا هەڵســـوکەوت دەکات، کە ڕەنگە جیاوازەکان پەرش و بڵاو دەکاتەوە، کاتێک لە دیوی خۆتەوە تەماشای شووشەکە دەکەیت، ڕەنگی شین لە هەموو ڕەنگەکانی تر زیاتر پەرش دەبێت و شووشـــەکە بە ڕەنگی شین خۆی دەنوێنێ، بەڵام کاتێک لەودیوەوە تەماشای شووشە شیرەکە دەکەیت، ڕەنگی سوور لە هەموو ڕەنگەکانی تر زیاتر پەرش دەبێت. بۆیە لە کاتی ڕۆژئاوابووندا ئاسمان مەیلەو سوور هەڵدەگەڕێت.



هاوڕێیانی گۆواری حاجیلە

سەنگەر حەسەن


زەکەریا محەمەد

ڕەهەند هێمن

ڕاستی موەیەد

دانیە نیسماعیل

حسام الدين فلاح

نور جەمال

محەمەد نامانج

محەمەد فوئاد

لانیا ئەحمەد

لارا هیوا

لارا ئەحمەد

یوسف نیسماعیل

نایە محەمەد

نانۆ نیسماعیل

ئالان نامانج

ئارام نامانج

هۆنیا هێمن

نیڤا حەسەن

یونس نیسماعیل